
مۆنۆ دراما



نیهاد جامی

# قەرەجستان



"لەدەشتاییەکی فراوان.. قەرەجەکان کۆمەڵێک ڕەشماڵیان هەڵداوە، لەوە دەچێت ئەوان تازە هاتبنە ئەو دەشتاییە، دەچنە ژێر ڕەشماڵەکانەوە، لەقووڵایەوە ئەشکەوت هەیە، تروسکاییەکی ئاگر لە ئەشکەوتەکە بەدی دەکرێت، قەرەجەکان لە ئەشکەوتەکە ڕاماون، بەڵام ترسێکیان هەیە لەوەی لێی نزیک ببنەوە، پیاوێکی ڕیشنی نیمچە ڕووت بەدی دەکرێ، پێستەیەکی ئاژەڵی لەبەردایە، بەترسەوە لە ئەشکەوتەکە دێتە دەرەوە، لەقەرەجەکان نزیک دەبێتەوە، لەوە

دەچێت زەمەنێکی زۆر بێت قسەی نەکردبێت، بۆیە بە زەحمەت دەم دەکاتەوە، هەوڵێکی زۆر دەدات تا فێری قسەکردنەوە دەبێت".

لەوە ناچێ ئێوە لە گورگەکانەوە نزیک بن.. شێوەتان هەر لە مرۆڤە سەرەتاییەکان دەچێت، هەڵە نەبووبم ئێوە قەرەجن، بەو ڕەشماڵ و شێوەیەتان هەر لە قەرەج دەچن، ئێوەی بێ نیشتیمان خۆزگەم بەخۆتان خۆ هەر نەبێ ئەو شوێنەی چەند ڕۆژێک لێی دەمێننەوە ئەوێ مەملەکەتتانە، بەڵام من کام مەملەکەت و شوێن دەمگرێتە خۆی (ماوەیەک بێدەنگ دەبێت بەسەر قاچەکانی خۆی کەوتووە، سەری بۆ سەر زەوی داگرتووە، ئێستا دەیەوێ سەر بەرەو ڕووی قەرەجەکان بەرز بکاتەوە، بەڵام سەرباری قسەکردن هێشتا ماتە) هەقی خۆتانە بەتووڕەییەوە لێم بڕوانن.. تۆش! بەڵی تۆش پیرە مافی خۆتە، چونکە لاوێکی شاری بوو ئەوەی کچە تاقانەکەتی کوشت، بەڵام بڕوا بکە من نەفرەت لە ئەلیکۆش دەکەم. "بەزەحمەت هەڵدەستێتەوە سەر پێ" ئەگەر باسی ئەندێشەکانی خۆمتان بۆ بکەم، لەبەر مەرگەساتی من پرسەی زمگێڕاتان بیر دەچێتەوە.. زمگێڕا مرد، بەڵام ژانی من ڕۆژانە لە ناو شاردا گەورە دەبێ و منیش بەکەسێکی بچووکتر لەهی دوێنێ تەماشا دەکرێم. "ئێستا تەواو چووەتە نێو دۆخێکی جیاواز بۆ یەکەم جار هاتە ئەو ئەشکەوتەوە ئاوا ڕووبەڕووی شتەکان بێتەوە" واتێنەگەن پاکانە بۆ ئەوە دێنمەوە تا وەک ئەلیکۆ لەگەڵ خۆتانم بەرن، دڵنیام دڵی ئێوە پڕیەتی لە عەشق ڕێگە بەخۆتان نادەن بەتەنها لەم چۆڵەوانییە بەجێم بێڵن، بەڵێم من ئەو مافە بەخۆم نادەم کە ڕەدووی ئێوە کەوم، چونکە دوور نییە سبەینێ منیش کچە قەرەجێکم خۆش بوێت ، مەرگەساتی ئەلیکۆ پیاو کوژ و زمگێرای عاشق دووبارە ببێتەوە، بەڵام حەز دەکەم کە ئەمشەو ئێوە بوونەتە میوانی من و خۆشتان بۆ چەند شەوێ بوونە بە خاوەن مەملەکەت، گوێبیتسی لاوێکی شاری لە ئەلیکۆ یاختیر بن. "بێدەنگ بەناو ڕەشماڵەکان تێدەپەڕێت" دەی وا شەو ئەم هەوارەی تاریکتر کرد.. چراکان داگیرسێنن با دەست پێ بکەین "قەرەجەکان لە ژێر ڕەشماڵ چراکان دادەگیرسێنن" هێشتا مناڵ بووم کە دایکم مرد.. باوکم بەکاک مەلا بانگیان دەکرد، لەوە زانیم باوکم کابرایەکی خواناسە، بەڵام ئەو حەقیقەتەی باوکم کە من پێم دەزانی. ئەوانی بە باوکم چەواشە بوون گەر بیانزانیایە، ئەوە بێ گومان هەر زوو پەتی سێدارەیان دەخستە ملی.

ئەو لەژێر ناوی دینداریەتی لە ژنەکانیان دەبووەوە، چەند جارێک بینیم لەگەڵ ژنی ئەو

فـەقـێـیـانەی دەرسی پێـیـان دەووت نوقـمـی ئارەزووەكـانی خـۆی كـردبوون، هاوسـەرە داماوەكانیشیانی لە ژێر ناوی ئاخیر زەمان و قیامەت كوێر كردبوو. لەو باوكە نەگریس و ناپاكەی من داوێن پیستر نەدەدۆزرایەوە، چاوی بەجووتبوون لەگەڵ ژنەكانیان تێر نەدەبوو، بۆیە هەوڵی دەدا لەگەڵ منالەكانیشیان هەمان كار بكاتەوە، تا دواجار لە ئاودەستخانەی مزگەوت لەگەڵ منالێكی نۆ ساڵان بینیم. منیش بەرەقێكی پێكەنیناوییەوە پێیم وت «ها كاك مەلا چۆنی» لەو رۆژەوە باوك بوو بەدوژمنم بەر نەفرەتی دەكردم، ترسی ئەوەی هەبوو حەقیقەتە بۆگەنەكەی ئاشكرا بێت و خەڵكی بەراستی و دروستی نیازە گڵاوەكانی ئاگادار بێت. "دوای ماوەیەك بێدەنگی وەك حیكایەتخوانێك دەردەكەوێت" دواجار من ترسم لە باوكم هەبوو تۆڵەی خۆیم لێ بسەنێتەوە، رۆژێكیان بانگی كردمە ژوورەكەی سەرەوە، ئەوەی پێمان دەووت كۆشك، داوای لێ كردم بەدوای خۆم دەرگاكە دابخەم، دڵم خورپا تۆ بڵێی.. نا نا شتی وا چۆن ئەبێ من كوڕیم، دڵم كەوتە خورپە، نا نا وانەبوو ئەوە تەنیا خەیاڵی من بوو، باوكم بەسیمای پیاوێكی نورانی و خواناسەوە پێی وتم.

باوك: كوڕی خۆم خوای تەعالا نێر و مێی دروست كردووە بۆ ئەوەی خێزان دروست بكەن و لە فەحشاوە دوور بن، هەروەك دەفەرموێت ژن هێنان نیوەی ئیمانە، منیش وام پێ باشە ژنت بۆ بێنم و ببی بەپیاو، بچییە سەر ماڵی خۆت "ئێستا گەڕاوەتەوە بۆ كەسایەتی خۆی" منی نێر و خۆ بە پیاوزان هەر ئافرەتێكم دەستنیشان بكردبا، باوكم رەتی دەكردەوە، تا پێی راگەیاندم كە نیازیەتی كچەكەی باجی حوسنەم بۆ بێنی، چ باجی حوسنەیێ، كوڕانی گەڕەك بەر لە ژنهێنان میوانی جەستەی حوسنە خان بوون، كچی ئەو ئافرەتە سۆزانییەیان لێم مارە كرد، ئەو كچەی تا ئەوكات بەكچێكی پەریزادەم دەزانی كە كەوتووەتە دەست قەسابی لەشەوە، هەر بەچاوی منداڵكارێكی لەخۆم گوناهتر تەماشام دەكرد.

"بەڕوخساری دەردەكەوێت كە چەند بێزارە، بەڵام ئەوە كارێكە و دەبێ تەواوی بكات، چونكە فرمانی سەربازی باوكییەتی، بۆیە بەجۆرێك لە گاڵتەكردن دەست پێ دەكات" هەر لەگەڵ مارەكردنی پەروینی حوسنە لەمن، باوكم دەرفەتی بۆ خۆش بوو، نەك رۆژان دەچووە ماڵی خەسووم، گەر لەترسی باوەژنەكەم نەبوایە شەوانیش لەسەر سینگ و مەمكی حوسنە تەسبیحاتی دەكرد.

له ڕۆژی زەماوەند پەروین کراسی بوکێنی کرایە بەر و چووین بووک بێنین، ئەو کات وام هەست دەکرد بەرەو قەفەسی زیندان ڕاپێچ دەکرێم. کار لەکار ترازا، چووینە پەردەوە، ئاگام لێ بوو باوکم لەپشت دەرگای ژوورەکەمان وەستابوو، لەدەرگاکەی دا چووم دەرگاکەم کردەوە داوای پەرۆی بەخوێنی دەکرد، کاتێ وتم (چ پەلەتانە)

باوکم: کورە عەیبە بەخۆشت دەڵێی پیاو.

خەریک بوو هەفتانەی بووک نزیک دەبووەوە، ئێمەش کاری خێرمان وەک ناویان نابوو سەری نەگرتبوو، حوسنە لە هەفتانە کە زانی بە زاوا نەبوومە دوو چەپۆکی لە ناوچەوانم دا.

حوسنە: دەک داڕزێی. وەڵڵا وەختی خۆی، حاجی ڕەحمەتی کە منی بەبووک هێنا، لە ئێوەش بچووکتر بووین، هێشتا دەرگای پێوە نەدابوو، لە دەرەوە دەستیان بەتەقەکردن کرد. چاوەڕوانی ئەو جۆرە قسانەم لە باجی حوسنەی سۆزانی و خەسووم نەدەکرد، چونکە زۆر ڕێزی دەگرتم، کەچی بەم قسانە دەمدوێنێ، لە هەفتانەکە نەمایەوە و ڕۆیشت، دوای مانگێک هاتەوە کە زانی مەسەلەکە هەروەک خۆیەتی، دەستی پەروینی گرت و لەبەر دەرگای حەوشە پێمی وت

حوسنە: کە پیاو نیت کچی منت بۆچییە؟ تازووە با دەستتان لەیەک بێتەوە.

وەک جاران لەچوار دیواری ژوورەکەم مامەوە، زیاد لە جاران خووم دایە خوێندنەوە، لە مەیخانەیەکدا بوومە هاوڕێی دستۆفسکی، لەناو ڕشانەوەی کۆلێرا مارکیزم ناسی، دەگریام بەدیار تەرمی ڕۆمیۆ و جۆلێت و عەشقە نامورادەکەیان، بەشکسپیرم وت بۆ وا دڵڕەقی، لەگەڵ چیخۆف لە کۆڵانێکی تاریک تێر بۆ پاڵەوانی چیرۆکێک گریاین. شەوێکیان لەگەڵ عەبدولخالق مەعروف یەکتریان دەدواند کڕنۆشم بۆ برد تا بگات بە فریامەوە.

عەبدولخالق مەعروف: تۆ نەیەکەم قوربانی و نەدوا قوربانیش دەبی، پێویستە هەوڵ بدەی کۆڵ نەدەی، مەترسە سەر دەکەویت بەسەریان، ئەگەرنا منت لەبیرە، لێرە نیم بەڵام وا لەوێم لەناو کتێبخانەکەت.

بەستەزمانترین کەسایەتی ناو کتێبخانەی ئەمینی میم بوو، ئەو داماوەش وەک منی بەسەرهاتبوو، کاتێ گەلە گورگیشم لەبەر دەستابوو، باوکم و خەسووم لەلا بووبوو بەو گورگانەی پەلیان دەگرتە دەرگە و پەنجەرەی ژوورەکەم، منی تەنیا و بی هاوڕێ دەبێ

خـۆمـیـان لـێ ڕزگـار بکـەم، خـۆگـەر گـورگـەکـان بێنە ژوورەوە، دوای ئەوەی پارچـە پارچەم دەکەن، بەچرای ژوورەکەشم تاکە سامانم لەم دنیایە کتێبخانەکەشم دەسووتێنن.

دەمـەو عـەسـرێک گـوێم لەدەنگی ئـافـتـاوی زۆرە بڵـێی گـەڕەک بوو، بەبنێشت جـاوینەوە بە باوەژنەکەمی دەووت.

ئافتاو: جا کە کوڕەکەتان پیاو نەبوو. بۆ حەیای خۆتان دەبرد.

نیـاز بوو هـاوارکـەم ئـافـتـاوی دەم مـقـەس و مـوخـتـار دەوەرە ژوورەوە بزانە لە مـوخـتـاری مێردت باشـتـر....... هـەر زوو پەشـیـمـان بوومەوە، چونکە هـەسـتـم دەکرد بەم قـسـانـە سووک دەبم، باری شـانم گـرانتـر دەبێ، ئەو بارەی هـەر لەڕۆژی مـەرگی دایکمـەوە بەکـۆڵـمـەوە بوو، خـەسـووم لە دادگـا داوای لەسـەرم نـووسـی بۆ ئەوەی لە کـچـەکـەی جـیـا ببـمـەوە، جـەنابی حـاکـمـیش یەکێک بوو لەوانـەی بەجـوانی حـوسنە چەواشـەبوو، ئەوە ئەگـەر حـوسـنـە بەڵێنی ئەوەی پـێ نەدابێت داواکـەی سـەر بگرێت، ئەو لەسـەر لـەشـی خـۆی داوەتی شـەرابـی بۆ دەکات، بۆیە حاکم زۆر بەویقار و توڕەییەوە پێی وتم.

حاکم: کورە کە دەزانی پیاو نیت بۆ گاڵتە بەئابڕووی کەسانی تر دەکەیت؟

ئەوکات هـەستم کرد کار گـەیشتووەتە یاسا و دادگا، پێویستە ئەو نهێنییەی لە سەرەتای شەوی پەردەوە شاردبوومەوە دەبێ ئێستا بیدرکێنم.

دادوەری بەڕێز، من پیاو نیم. باشە گـەر هەموویان گاڵتە بەخۆیـان بکەن و خۆیان لەگێلی دەدەن جەنابت بۆ لەبیر خۆتی دەبەیەوە ئەی نابێت داوای عەقد زەواج بکەی؟

حـاکم: قـسـەکـەت زۆر جـوانە. کوا عـەقـد زەواجـەکەیان حـوسنە خـان. نا تازە پێـویست ناکات، با حەرزت کەم، کـاتی خۆی دادگا مارەی ئێمەی نەبڕی، چونکە ئـەو کچە منـاڵەی کە تا ئێـسـتـا بەژنـی من ناوی دەبەن تەمـەنـی لە یانزە سـاڵ تێـپـەڕی نەکـردووە، واتـە هـەر لە قـۆناغی منـاڵیدا بوو، نەگەیشـتـبـووە قـۆناغی هـەرزەکاری و باڵقـبـوون، کـاتی شـەوی پەردە زانیم مناڵێکی بەسـتـەزمان ئەندامـەکانی جەسـتـەی هیچ پێوەندییەکیـان بە سێکسـەوە نییە، ئەو تاوانەم تۆمار نەکرد، کە گەر بمکردایە نە کـارەکە دەگـەیشتـە بەردەم جەنابت، نە منیش بە ناپیاو لە قەڵەم دەدرام.

جـەنابی دادوەر. هـەی ئەوانـەی خۆتان بەشـەرافەتمەند دەزانـن، لەبەرئەوەی منـاڵێکم بەرەو هەڵدێر نەبرد، لە بری سـتـایش کـردن، ناو و ناتۆرەم بۆ دەدۆزنـەوە، دیارە لای ئێـوە ئەوەی

درِنده بێت ئەوە پیاو كوڕی پیاوە، ئەوەی تۆزقاڵێكش وەک مرۆڤ هەڵسوكەوت بكات ئەوە پیاو نییە.

دوای جیابوونەوەم لە پەروین، شەوێکیان باوکم هاتە ژوورەكەم

باوک: کوڕم تۆزێک لەو کتێبانە بگرەوە و واقعیانە بژی، با شێت نەبی. باشە ئەوە وتمان پەروین منالّ بوو، بۆ نایەیت کەژاڵی کچی خاڵت بۆ بێنم

باوکە وازم لێ بێنن، جارێکی تر بیر لە ژنهێنان ناکەمەوە.

باوک: (بەهەڵچوونەوە) ئێمە بە تووەوە ناومان لەکەدار بووە، خۆ بەدەست تۆ نییە هەر دەبێ ژن بێنی و لەگەڵ خاڵت قسەم کردووە، نیازمانە سبەی شەو کەژاڵی کچی خاڵت لێ مارە بکەین. "بەپێکەنینێکی گاڵتەجارییەوە" ناڵێ بەمناڵە وردکە و حوسنە و کارە جوانەکانی من ناویان لەکەداربووە "لاسایی باوکی دەکاتەوە" سبەی شەو کەژاڵی...

دوای ئەوەی ڕازی نەبووم حاشای لێ کردم و لە ماڵەکەی وەدەری نام، ئەو ماڵە هەر لەو ڕۆژەی لە منداڵدانی دایکم بووم، لەوێ لەدایک بووم و گاگۆڵەم کرد و گەورەبووم و تیایدا ژیام وەدەری نام، بڕیارم دا ژیانی جێ بێڵم، چونکە دڵنیابووم ئەو خەڵکە بە سووک لەمن دەڕوانن، لە کاتێکدا باوکم بە کاک مەلا و حوسنەی لەشفرۆشیش بەباجی حوسنە خان بانگ دەکەن. گەڕام تا ئەو ئەشکەوتەوەم دۆزییەوە، بۆ ئەوەی تا ئەبەد تیایدا بمێنمەوە، زەویی خواش فراوانە و کەس لە برسان نەمردووە، لەتە نانێکی ڕەقیش بۆ مرۆڤێکی یاخی لە پیسی و گوناه هەر پەیدا دەبێ، لەو کاتەوە چاوم بەمرۆڤێک نەکەوتووە. دەزانم بێزارم کردن، شەویش درەنگە گەر بەیانی بەر لە خەو هەڵسانی من ڕۆیشتن، تکام وایە ئەو چیرۆکەم بۆ خەڵکە دڵ سادەکانی وەکو خۆتان بگێڕنەوە. شەوتان شاد.

"بەبێدەنگی و ماندووبوونێکی زۆرەوە لەسەر زەوی دەخشێت، تەکان دەداتە بەرخۆی تا دەچێتەوە ناو ئەشکەوتەکە، قەرەجەکان لێی ڕادەمێنن و بێدەنگن، بەدوای ونبوونی ئەو قەرەجەکان گالیسکەکانیان بەدوای خۆیان ڕادەکێشن ئەوانی تریش ڕەشماڵەکانیان تێکدەنێن بەرەو هەوارێکی تر کۆچ دەکەن"

پایزی ١٩٩٤